الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# فیدراسیۆن لەگەڵ پەنابەرانی کورد لە شاری هۆدەرسفیلد کۆدەبێتەوە

رۆژی شەمە 16 -9 کاتژمێر 3 تا 6 ی ئێوارە کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد و هەڵسوراوانی فیدراسیۆن لەشاری هۆدەرسفیلد کۆرێکێکیان بۆ (بورهان فەتاح ) بەرپرسی فیدراسیۆن لە شاری مانچستەر لە ژێر ناونیشانی (سیاسەتی گێرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد و رێگا چارەی ئێمە) ساز دا .

بورهان فەتاح لە سەر ئەوزاعی سیاسی عێراق و کوردستان و نائەمنی و کێشەی پەنابەران لە بەریتانیا و سیاسەتی بە زۆر گێرانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان ئەو کار و چالاکیانەی فیدراسیۆن ئەنجامی داوە دژ بە گێڕانەوەی بەزۆری پەنابەران قسە و باسی کرد، هاوکات لەسەر چۆنێتی خۆرێکخستنی ریزەکانی پەنابەران لەدەوری فیدراسیۆن و پشتیوانی رێکخراو و نیهادە ئینسانی و پەنابەرییەکانی تاکید کرد .

لەم کۆڕەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە پەنابەرانی کورد لەو شارە بەشداریان کرد ، لەلایەن (دارا ئەحمەد) بەرپرسی کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لەشاری هۆدەرسفیلد بەڕێوەبرا ، بەدوای قسەو باسەکان دا بەشداربووان کەوتنە برسیار و گفتوگۆ .

پاشان بەدوای وەڵام دانەوەی پرسیاری ئامادە بووان کۆمیتەیەك لەو شارە بۆ بەدوا چوونی بەڕێوەبردنی کەمپینی فیدراسیۆن دژ بەگێڕانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد و داوا مافی نیشتەجێ بوون کە پێك هاتبوو لە (دیاری عەبدولا، سۆزان عەلی، کامەران سەلیم، هونەر محمد، حەمە غەفور محمد، هەردی محمد، سامان عەلی ) پێك هات بڕیار دا لەنزیکترین کاتدا خۆپیشاندان بەڕێ بخرێ و سەردانی ئەندام پەرلەمانی شاری هۆدەرسفیلد بکرێ وە چەند کاری تری خستە دەستوری خۆیەوە، دوای 3 کاتژمێر کۆبوونەوەکە سەرکەوتوانە کۆتایی هات.

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی**

2006-9-26

---


**P.O.BOX: 1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK** **Tel: (++44) 07856032991**

*Dashty Jamal* d.jamal@ntlworld.com Mobile: 07877489626 / 07866757213

*Burhan Fatah* burhanfatah@aol.com Office: 0161 234 2784

*Jasim Ghafur* jasm_rg@yahoo.co.uk Website: www.csdiraq.com